# پێگەی وەرگر لە دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕیدا[1]

**م. ی. پشتیوان ئەسعەد کەریم**
بەشی پەرستاری،
کۆلێژی تەکنیکی سۆران،
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
pshtiwan.kareem@epu.edu.iq

**پ. د. سەلیم ڕەشید سالح**
بەشی زمانی کوردی،
کۆلێجی پەروەردە،
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
salim.salih@su.edu.krd

## پوختە

وەرگر؛ وەک تەواوکاری پڕۆسە و کایەی ئەدەبی؛ سەنگ و پێگەی خۆی هەیە، هەر لە سەرەتاوە پێگەکەی خراوەتە بەرباسی ڕەخنەی ئەدەبییەوە و وەک بەرکەوتە لێی ڕوانراوە، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا کراوەتە چەقی باس و ڕۆڵ و پێگەکەی لەدەقدا دەستنیشان کراوە، بەچەشنێک کاریگەری و پێگەکەی هاوشان، یاخود لە سەرووی دەقنووسەوە دانراوە، چونکە دەقنووس دوای تەواوبوونی دەقەکەی و خستنەبەردەستی وەرگران، ئیتر وەرگر لە شەنوکەوکردنی دەق و زیندووهێشتنەوەی دەقەکەدا خاوەنیەتی.

جەمال شارباژێڕی یەکێکە لە شاعیرانی بزووتنەوەی ڕوانگە و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، لە دەقە شیعرییەکانیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەبارەی وەرگرەوە دواوە، ڕۆڵ و پێگە و ئەرک و جۆرەکانی دەستنیشان کردووە، لەم سۆنگەیەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان کرد بە: ( پێگەی وەرگر لە دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕیدا)، کە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و تێگەیشتن لە چەمکی وەرگر و ڕۆڵ و پێگەکەی لە ڕوانگەی "شارباژێڕی"یەوە.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە: پێشەکی، پوختەی توێژینەوە، دوو بەش: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (لەبارەی وەرگرەوە)، کە لە دوو تەوەردا باس لە وەرگر کراوە، بە

ناونیشانەکانی: ( جۆرەکانی وەرگر، وەرگر وەک تەواوکەری کاری ئەدەبی)، بەشی دووەم بە ناونیشانی: (وەرگر لە دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕیدا)، کە تێیدا هەڵوەستە لەسەر ڕوانینەکانی شارباژێڕی کراوە؛ لەبارەی وەرگرەوە، لە چەند تەوەرێکدا خراوەتە پێشچاو؛ بە ناونیشانەکانی: (شیعردۆست و ڕەخنەگر، دەق ناوەندی ڕەخنەگرتنە، ئایدۆلۆژیای شیعر و ناکۆکی نێوان وەرگر و شاعیر، وەرگری دیاریکراو "شیعری ئاراستەکراو"، وەرگری هاندەر، هەمەچەشنی بابەتی شیعر و وەرگر، بە جیهانیبوونی شیعر و وەرگری جیهانی، پەیوەندیی شیعر بە شاعیرەوە)، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لە پێنج خاڵدا کورتکراونەتەوە و دانراون، لەپاشاندا لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکانیش خراونەتەڕوو، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بۆ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون و دانراون.

**وشەسەرەکییەکان**: شاعیر، وەرگر، جەمال شارباژێڕی، ئایدیۆلۆژیا، ڕەخنەی نوێ.

## پێشەکی:

شیعر و شاعیر پابەستەن بەیەکەوە، لەهەر کامیان بدوێین، ئەوەیتریان بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی دەردەخات، بەو واتایەی لە پاڵ هەر شیعرێکدا شاعیرێک هەیە – تەنانەت ئەگەر شیعرەکە فۆلکلۆریش بێ و شاعیرەکەی دیار نەمابێت، هەست بە بوونی دەکەین -، بە کەسێک دەوترێت شاعیر، کە شیعری هەبێت، شاعیر هەرچەند لە دەقدا خۆی لە هەستەکانیدا بشارێتەوە، بەڵام لە خاکێکی دەقەکەیدا وەک کانیاو دەتەقێتەوە و دەردەکەوێت، لەبەرئەمە لە ڕەخنەی کۆندا زۆر گرنگییان بە ڕۆڵی نووسەر (شاعیر) و پاشخانەکەی لە بواری مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەدا و لەم سۆنگەوە بەرەو توێژینەوە ڕەخنەییەکەیان هەنگاویان دەنا و لە دەقەوە بەرەو نووسەر دەڕۆیشتن، کە ئەمەش پێچەوانەی میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەن، کە لە دەقەوە بۆ وەرگر و لە وەرگرەوە بۆ دەق، بەبێ لاکردنەوە لە ژیان و بارودۆخی نووسەر لە دەق دەکۆڵنەوە، لەپاڵ چەمکی ( شاعیر،

شیعر)دا، چەمکێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش: وەرگرە، ڕۆڵی وەرگر لە پڕۆسەی تەواوکاری و خوێندنەوەی دەق؛ لە ڕۆڵی نووسەر کەمتر نییە، بەتایبەت لە ڕەخنەی نوێدا وەک کۆڵەگە سەیری دەکەن.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

شاعیران خاوەن بیر و بۆچوونی خۆیانن، لە هەر بارودوخ و بابەتێکدا کە خۆیان مەبەستیان بێت بۆچوونەکانیان دەردەبڕن، شاعیران لە دەقەکانیاندا -بە شێوەیەکی گشتی- ڕوانینیان لەبارەیەوە (شیعر و شاعیر و وەرگر)؛ وەک سێ چەمکی پەیوەست بەیەکەوە -بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ- دەربڕیوە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەماندا مەبەستمانە دەرخستنی بۆچوونەکانی شارباژێڕییە، لەبارەی پێگەی وەرگرەوە؛ کە لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر لەم سۆنگەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان کرد بە: ( پێگەی وەرگر لە دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕیدا).

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، بە دوو خاڵ لە سەروو هەموویانەوە دەخەینە بەرچاو:

١. جەمال شارباژێڕی لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا ئاوڕی لە (پێگەی وەرگر و جۆری وەرگر و کاریگەری بەسەر دەقەوە) داوەتەوە و چەند دەقێکی شیعری بۆی تەرخانکردووە، بەمەبەستی تێئاخنی بیر و بۆچوونەکانی لەبارەیەوە.

٢. شارباژێڕی یەکێکە لە شاعیرانی بزووتنەوەی ڕوانگە و لە قۆناغی شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، بۆیە پێویستە بۆچوونەکانی بەهەند وەربگرین و وەک بنەما بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی قۆناغەکە سەیربکرێن.

**ئامانج و گرنگیی ناونیشانەکە:**

ئامانج و مەبەستی توێژینەوەکە دەستنیشانکردن و شیکردنەوە و دوانە لەبارەی بۆچوونەکانی شارباژێڕی - وەک شاعیرێکی نوێخواز- لەبارەی وەرگرەوە و ڕۆڵ و پێگەکەی لە کایەی ئەدەبیدا، خودی بابەتێکە جێگەی سەرنج و هەڵوەستە

لەسەرکردنە، هەر ئەمەش دەبێتە گرنگیی ناونیشانەکە و لەم خاڵەدا سەرچاوە دەگرێت.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە لەبارەی وەرگرەوەیە، هەروەها کارکردنە لەسەر دەقە شیعرییەکانی جەمال شارباژێڕیدا و دیاریکردنی چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی پێگەی وەرگر لە دەقە شیعرییەکانیدا، بە پشتبەستن بە کۆبەرهەمەکانی شاعیر، کە لە ساڵی ٢٠١٣ لە دوو بەرگدا چاپکراون و چەندین نامیلکەی شیعری بڵاوکراوەی شارباژێڕی لەخۆگرتووە، لەوانە: (کسپە و سۆز ١٩٥٩)، (بەستەی مەبەست ١٩٦١)، (پارچەیەک لە جگەرم ١٩٦٨)، ( فرمێسکی نهێنی ١٩٦٩)، (لە ئەلبوومی یادگارا ١٩٨٣)، (ژوانگەی هەژان و ژان ١٩٩٨)، (خەم و خۆزگە و فریشتە ٢٠١١)، (لەناخەوە ٢٠١١)، ( گوڵ وەنەوشەکان ٢٠١١)، ( ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ ١٩٨٥)...، لەم توێژینەوەیەدا لە کاتی ئاماژەدان بە سەرچاوەکە، بە ( ب١، ب٢) ئاماژەیان بۆ کراوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بە دەقە شیعرییەکانی شارباژێڕی بەستووە، هەندێك کاتیش هۆی نووسینەکەمان ڕوونکردۆتەوە، لەمەشەوە دەتوانین بڵێین: ئەو میتۆدەمان پەیڕەوکردووە، کە بە میتۆدی شیکاریی پێکهاتەیی ناسراوە، هەروەها لە هەندێك شوێندا بەپێی پێویستی ناساندنی شتەکان پشتمان بە میتۆدی وەسفی بەستووە، کەوابێت پەیڕەوی میتۆدی وەسفی و شیکاریمان کردووە.

**١: بەشی یەکەم/ لەبارەی وەرگرەوە:**

**١: ١: جۆرەکانی وەرگر:**

وەرگری ئەدەبی زاراوەیەکی گشتگیرە بۆ هەموو کەسێک بەکاردێت، کە بەرکەوتەی ئەدەب ببێت، بە ڕێگەی خوێندنەوە، یاخود بیستن و گوێگرتن، بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە خوێنەری ئاسایی (گوێگری ئاسایی)، خوێنەری داهێنەردا دەبینێتەوە، بەڵام ئەگەر وردتر بۆ بابەتەکە بچین، لقی زۆریان لێدەبێتەوە، چونکە وەرگران هەموویان لە یەک ئاست و وەک یەک نین، لەڕووی چێژ وەرگرتن و سەرسامبوون و هاتنە وەڵامەوە... جیاوازن، لە ڕووی واتای دەقەوە وەرگرێک شاعیری دەوێت لە دەقدا و بە دوای واتا و هۆکاری دەربڕینەکانیدا وێڵە، وەرگرێک دەق دەوێت وەک خۆی و لە چوارچێوەی ئێستاتیکاکەیدا لێکیدەداتەوە، وەرگرێک ئەو واتایەی دەوێت کە خۆی گەرەکییەتی...، هەروەها لە ڕووی سنووری جوگرافیاییەوە؛ وەرگر هەیە؛ ناوچەییە، وەرگر هەیە؛ جیهانییە، چونکە هەندێک دەق سنووری جوگرافی تێدەپەڕێنن و بەرەو جیهانیبوون دەچن، وەرگرێک هەیە تەنیا بۆ خۆی واتاکان لێکناداتەوە، بەڵکو ڕەخنە دەگرێت و پێشنیاز دەخاتەڕوو، جا جۆری ئایدیۆلۆژیا و پاشخانی ئەدەبی و ئارەزووی تێیدا دێتە پێشەوە و ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام هەر بەشێوە گشتییەکەی وەرگری ئەدەبی لە ڕووی خوێندنەوە و وەرگرتنەوە دوو جۆرن[٢]:

١: ١: ١: **وەرگری ئاسایی:** وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، وەرگرێکی ئاساییە، (تەنیا دەیخوێنێتەوە و چێژی لێدەبینێت) (Ray,1987,37) ، ئەم جۆرە وەرگرە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر شیعرەوە نابێت، چونکە کاردانەوەکەی تەنیا چێژبینە، ئەمەش وایکردووە، بە ( خوێنەرێکی نەرێنی " سلبی") (خەلیل،٢٠١٧، ١٨٢) بۆ دەق ناوی ببەن.

١: ١: ٢: **وەرگری بنیاتنەر:** (وەرگرێکی لێهاتوو و بەتوانایە، بەیانی لەدایکبوونی شیعر ڕادەگەیەنێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات و ڕادەی باشییەکەی دەردەخات) ( Ray,1987 , 37)،)، بەو واتایەی دووبارە دەق بنیات دەنێتەوە، کە دەتواندرێت بە (خۆێنەری زانا و هۆشیار و بەتەنگەوەهاتوو ناوی ببرێت، ئەم خوێنەرە دەتوانێت بە ئەزموونی خۆیەوە دووبارە دەقەکە لە ناوخۆیدا بەرهەم بهێنێتەوە) (خەلیل،٢٠١٧، ١٨٢)، دەقەکە شەنوکەو بکات و بچێتە قووڵایی دەقەکەوە، ئەگەر هاتوو

لەمەشەوە بەرەو ڕوونکردنەوەی زیاتری دەق ڕۆیی و بۆ خۆی و بۆ خەڵکانی تریش دەقەکەی خستەڕوو، ئەوکات وەک "وەرگرێکی ڕەخنەگر" دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی تەنیا بۆ خۆی دەق لێکناداتەوە و بەڵکو ڕەخنەش دەگرێت، هەروەها (دەتوانێت نەک تەنیا لەناوخۆیدا، بەڵکو لەسەر کاغەزیش دەقەکە بەرهەم بهێنێتەوە، سەرلەنوێ دەقەکە دابڕێژێتەوە، کە ڕابەرانی قوتابخانەی کۆنستانس بەم خوێندنەوەیە دەڵێن خوێندنەوەی بەرهەمهێن) (خەلیل، ٢٠١٧، ١٨٢)، چونکە دووبارە دەقەکە بەرهەم دەهێنێت و هەوڵی ئەوە دەدات بە شێوازی جیاواز وەریبگرێت و واتاکانی دەق بخاتەڕوو، لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە (" تیۆری وەرگرتن- ئیستاتیکای وەرگرتن" بکەین، کە کارکردنیان بوو لە "شیعرییەت" و "هیرمینۆتیکا"ی دەق، کە لایەنی سیستەمی سەرووی زمانی" میتا زمانی" و وەسفی، بە پشتبەستن بە پەیوەندییە زمانییەکانی ناو دەق کە بە شیعرییەت ناوی دەبەن، هیرمینۆتیکاش لایەنەکەی ترە، کە گرنگیدان بە دیاریکردنی واتای دەق) (شارەزووری،٢٠١٢، ٤٨-٥٨)، ئەگەر بەوشێوەیە کلاسیکییەش سەیری ئەم وەرگرە بکەین، ڕۆڵ و بایەخی زۆری بە پێشخستنی کاری ئەدەبی بەخشیوە، لە دەق وردبووەتەوە و سەرنج و تێبینی و پێشنیازی خستۆتەڕوو.

**١: ٢: وەرگر وەک تەواوکەری کاری ئەدەبی:**

وەرگر وەک تەواوکەری کاری ئەدەبی جێگەی بایەخە، ئەم بایەخ و گرنگیپێدانەی بۆ باسەکەی ئێمەش جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، هەر لە سەرەتاوە هەست بە بوونی وەک تەواوکاری کاری ئەدەبی بینراوە و باس لە کاریگەری شیعر بەسەر وەرگردا -وەک بەرکەوتەیەک- کراوە، بە شێوەی نەرێنی و ئەرێنی کاریگەرییەکە خراوەتەڕوو، (کرداری گەیاندنی شیعریش "شاعیر، شیعر، وەرگر" لە خودی خۆیدا دەق ڕێگە دەدات بە کرداری خۆسەڵماندن، ئەویش بەبێ وەرگر جێبەجێ نابێت) (العضیبی،١٤٢٠، ٥٥٠)، لە یەکەم کاری ڕەخنەیی -کە مێژووی ڕەخنەیی ئەدەبی پێی ئاگاداربێت- ئاماژە بە کاریگەریی دەق بەسەر سۆزی وەرگرەوە

کراوە، کە "شانۆگەری بۆقەکان"ی "ئەرستۆڤانیس"ە، چونکە باسی هەڵخەڵەتاندنی وەرگران دەکات لەلایەن ئەسخیلۆسەوە، لە گفتۆگۆی دادگاکەدا هاتووە،( کە ئەسخیلۆس ڕەوشتەکانیانی تێکداوە بە تراجیدیا قۆڕە شەهوانییەکانی و پڕیەتی لە سۆزی تواوە و ئارەزووی ڕەها...، هەروەها ئەکتەرەکان بە هۆی دەمامکەوە فێڵ لە بینەران دەکەن) (گەردی، ٢٠١٧، ٢٨- ٢٩)، هێز و کاریگەری ئەدەب بەسەر وەرگرانیدا بەردەوام جێگەی باس بووە، لە هەموو سەردەمەکانەوە، لە گریکەکانەوە بۆ سەردەمی بووژانەوە و تا دەگاتە سەردەمی تازەش، کە ڕۆڵی وەرگر لە هی شاعیر کەمتر نازانێت و بەڵکو لە سەرووی ئەویشەوەی دادەنێت، هەر وەرگر ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، چونکە تەواوکەری کاری ئەدەبییە و گیان و بەردەوامی بە دەق دەبەخشێت، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە بەهای شاعیر و وەرگر بکەین لە دەقدا، چونکە (ڕۆڵی شاعیر و وەرگر هەمان ڕۆڵ و کاریگەرییان بەسەر دەقەوە هەیە، شاعیر باوەڕ بە ئارەزووەکانی دەهێنێت و وەرگر لە تێگەیشتندا بەها بە دەقەکە دەبەخشێت) ( Taromi,2001, 17 )، هەروەها ئامانجی سەرەکی ئەدەب ڕازیکردن و سەرنجڕاکێشانی وەرگرە، چونکە (لە هەر کارێکی ئەدەبیدا خوێنەر ئامانجە و بەرهەمی ئەدەبی لەکاتی خوێندنەوەدا بەهای هەیە)) (خەلیل،٢٠١٧، ١٨١)، گیانی داهێنانی بەردەوامی شیعریش پەیوەستە بە وەرگرەوە، (هەموومان چاوەڕێی باشترین شیعر دەکەین، ئەمەش دەبێتە هۆی داواکردنی شیعر ... شیعر... شیعر ...)) ,Ray ) (38 ,1987 ، ئەمانە هەموویان ئەوەمان پێدەڵێن: کە وەرگر تەواوکەری کاری ئەدەبییە و هەم کاری تێدەکەن و هەمیش کاریگەری بەسەر دەقەوە هەیە.

**٢: بەشی دووەم/ وەرگر لە دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕیدا**

جەمال شارباژێڕی لە دەقە شیعرییەکانیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەبارەی وەرگرەوە دواوە، ڕۆڵ و پێگەکەی بەسەر دەق و تەنانەت شاعیرەوەش دیاریکردووە، دەتوانین بەم شێوەیە باسیان بکەین و بیانخەینە ڕوو:

**٢: ١: شیعردۆست و ڕەخنەگر:**

(شیعردۆست) و (ڕەخنەگر) وەک دوو وەرگر لە کایەی تەواوکاری شیعردا ڕۆڵ دەگێڕن، شارباژێڕی بە جیا ڕووی دەمیان لێدەکات و دەیاندوێنێت، (شیعردۆست) وەک وەرگرێکی ئاسایی پێگەی شیعری لا بەرزە، بەڵام شارباژێڕی هێشتا ورياتری دەکات و پێی وایە: شیعر زۆر پیرۆزە و ناکرێت شیعردۆست بەئارەزووی خۆی پەنجەی ناڕەوا بۆ وشە و ناوەڕۆکەکەی ببات، بەڵکو دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پیرۆزی و هەستیاریی وشە و ناوەڕۆکەکەی بکات، بۆیە ڕووی تێدەکات و دەڵێت:

**ئەی شیعر دۆست**
**هەوارگەی لانەی کۆسپ و کۆست**
**بەلای کابەی شیعرا نەچیت بێ دەستنوێژ**
**دەست نەدەیتە پیتێکی ئەرخەوان پۆش**
**کە بازنە گوڵ ... دەبەی بۆ گڵکۆی... گوڵبێژ**
**وشەی شەهید هەرگیز نەکەی فەرامۆش** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ٤٠٦)

واتە: ئەی وەرگرانی ئاسایی و شیعر دۆستان؛ ئێوە هەوارگەی لانەی کۆسپی شیعرن و کۆستیشتان کەوتووە، کاتێک بەلای پیرۆزیی شیعردا تێپەڕین؛ بە دەستنوێژەوە دەستی بۆ ببەن، بە پیرۆزییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، هەرلە خۆتانەوە؛ واتا بۆ وشەکان لێکمەدەنەوە، کە ویستیان چەپکێ گوڵ بۆ گوڵبێژ (شاعیر) ببەن، شەهیدەکانی ڕێگەی نیشتمان لەبیرنەکەن، یاخود وشەی شەهیدیش لەبیرنەکەن.

جەمال شارباژێڕی مەبەستییەتی بڵێت: ئەی ئەوکەسانەی شیعرتان دەوێت و دۆستی شیعرن، دەزانن ئێوە دوو چەشنن لە ناویەکدا، یەکێکتان کۆسپ دەخەنە بەردەمم و یەکێکتان کۆستتان کەوتووە و لەشیعرمدا دەیهۆنمەوە، کە ویستتان شیعر بخوێننەوە بە وریاییەوە بیخوێننەوە و بە پیرۆزی لێی بڕوانن و جوانییەکانی مەشێوێنن، کە ویستیشتان چەپکە گوڵێک بۆ گوڵبێژ( شاعیر) ببەن، ئەوە وشەی پیرۆزی "شەهید" یش لەبیرنەکەن و چەپکێ گوڵی وەفا لەسەر ئەویش دابنێن.

وشەی "شەهید" پێویستی بە هەڵوەستەی زیاتر هەیە، چونکە بە واتای "وشەی شەهیدکراو" دێت، هەروەها "کەسی شەهیدکراو" لە پێناو گەل و نیشتماندا دێت، پێمان وایە، هەردووکیان گونجاون، لەبەر ئەوەی شارباژێڕی گیانبەخشین لە ڕێگەی نیشتمان بە پیرۆز دەزانێت و تەنانەت خۆشی بەیەکێک لە داکۆکیکاری ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان دەناسێنێت، بەڵام واتای یەکەم کە "وشەی شەهید" کراوەکانی دەستی وەرگرانە؛ زیاتر و زۆرتر لەگەڵ واتای دەقەکە دێتەوە، لێرەدا پێگەی وشە و هێزەکەی لە دەقدا سەرهەڵدەدات، ((ئاوازی وشە – یان ڕەنگە بڵێین سیحری وشە- و بۆ هەست و دەنگ)) (بۆرخیس،٢٠١٦، ٧٥) دێتە ئاراوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە (( شیعر وەک کارەکتەرێکی زمانە، کە سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، یاخود جەخت دەخاتە سەرخۆی بەهۆی زمانەوە))(Eagleton,2007, 41 )، شاعیران هەر وشەیەک لە شوێنی خۆی لە دەقدا دەچەسپێنن، بۆیە "شارباژێڕی" ئەوە ڕتدەکاتەوە، کە وەرگر نەک وشەیەک؛ بەڵکو تەنانەت دەستکاری یەک (پیت)یشی بکات، یاخود بە دەربڕینێکی تر: هەموو پیت و وشەیەکی ناو دەق پیرۆزیی خۆیان هەیە و ئامانجدارن، بۆیە وەرگریش پێویستە بە پیرۆزییەوە دەستیان بۆ ببات، هەربۆیە دەکرێت بوترێت: شارباژێڕی لەگەڵ ئەوەدا نییە، وەرگر ئاسایی ڕۆڵی ئەوتۆی بەسەر شیعرەوە هەبێت، ڕۆڵەکەی -ئەگەر هاتوو بە وریاییەوە نەبێت- وەک نەرێنی دەردەکەوێت، بەڵام مانای وانییە، کە بەژداری پێناکات و دووریدەخاتەوە، چونکە (( قبوڵکردنی خوێنەر بە خوێندنەوەی دەق ئەمە خۆی لە خۆیدا بڕیارێکی زامنە بە ڕێبازی هاوبەشیکردن)) (ئەلڕەحمانی،٢٠٢١، ٢٣٠)، هەر بۆیە شارباژێڕیی باسی پیرۆزیی دەق و چۆنیەتی مامەڵەی لەگەڵ دەقدا بۆ شیعردۆست دەکات.

شارباژێڕی لەلایەکی ترەوە باسی ڕەخنەگر دەکات، -وەک ئاشکرایە- ئەرکی (ڕەخنەگر) لە سەرووی وەرگری ئاسایی ( شیعردۆست)ەوەیە، چونکە سەرەڕای خوێندنەوەی دەق، بە چاوێکی ڕەخنەییەوە لە دەق دەڕوانێت، قووڵتر بە ناخی دەقدا شۆڕ دەبێتەوە و لایەنی چاکی و لاوازییەکانی دەستنیشان دەکات و دەیخاتەڕوو، بەم

کارەشی بەلایەنی چاکی دەقەوە دەشکێتەوە، چونکە: ((ڕەخنە کۆڵەگەی سەرەکی ئەفراندنە)) (گەردی،٢٠١٧، ٤)، "شارباژێڕی" هەستی بەڕۆڵی ڕەخنەگر کردووە و بە "دیدەوان" ناوی بردووە، ("دیدەوان" واتە: "چاودێر") (جگەرسۆز،٢٠٠٩، ٢٢٨)، بەو واتایەی چاودێری دەق دەکات، بۆیە ڕووی دەمی تێدەکات و دەڵێت:

**ئەی دیدەوان**
**هەی ڕەوان ڕێژی شیعرەوان**
**کاتێک بە لای شیعرا ڕاگوزەرت کرد**
**بە کوێستان و پایزە هەواری دا**
**کە تێر سەیری ... جەنگەڵ و نزارت کرد**
**لە تەک ناڵەی کۆتر و هوزاری دا**
**کە یادێکی ئاڵۆزاوی یادت کرد**
**لە دەم داد و سکاڵا و هاواری دا**
***
**ئەوسا شیعرت لا دەبێتە باڵا نوێن**
**خۆ دەبینی لە کام جیهاندای... کام شوێن**
**ئەوسا شیعر دەکەی بە ئاڵای پێشەنگ**
**لەگەڵ کۆسپی شیعرا دەکەویتە جەنگ**

(شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ٤٠٦)

واتە: ئەی ڕەخنەگر، ئەی ئەوکەسەی گیانی شیعر پەروەردە دەکەی، کاتێک لات لە شیعر کردەوە، بە هەموو لایەکی بڕوانە لە خۆشی کوێستانی و لە هەڵوەرینی گەڵای پاییزی، یان جەنگەڵ و نزاری...، هەروەها گوێ بۆ دەنگ و هاوار و ناڵەی باڵندەکانی شل بکە و بە هەموو لایەکیدا چاو بگێڕە، ئەوکات لە شیعر دەگەیت، هەر ئەوکاتیش بڕیار دەدەیت؛ کە شیعر پێشەنگە، کاتێکیش لە ئامانج و کونج و کەلەبەرەکانی گەیشتی؛ نەک ڕێگری لێ ناکەیت، بەڵکو پێش لە ڕێگرییەکانیشی دەگریت.

شارباژێڕی مەبەستییەتی بڵێت: لە چوارچێوەی دەقەوە لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ دەقەکە بکرێت و ئامانجە سەرەکییەکەی ڕوونبکرێتەوە، چونکە دەق شوێنگەی بەیەکگەیشتنی هزر و سۆزی دەقنووس و وەرگرانە و (( نووسەر و خوێنەر لەدەقدا ڕاستەوخۆ بەیەکدەگەن، بەڵام زۆرجار بەهۆی جیاوازی لەنێوان ئاستی نووسەر و ئاستی خوێنەر، ئەم بەیەکگەیشتنە ڕاستەوخۆ ڕوونادات، بەڵکو بە ڕێگەی هۆکاری تر وەک لێکدانەوە و تەفسیری دەق دەبێت)) (مەلازادە،٢٠٢١، ١١٦)، وردبوونەوە و تێگەیشتنی زیاتر لەدەق بەرچاوڕوونی زیاتر دەستدەخات، وەک ئەوەی "سکۆت جەیمس" لەبارەی ڕەخنەگرەوە دەڵێت: (( ڕەخنەگر ئەو گوێگرەیە، کە تێدەگات لەوەی پێی دەوترێت)) (ئەلڕەحمانی،٢٠٢١، ٣)، ئەمەش مانای قووڵبوونەوەی ڕەخنەگر لە دەقدا دەگەیەنێت، لە هەموو ڕووێکەوە.

**دەگەینە ئەوەی بڵێین شارباژێڕی ڕو انیی و ایە:**

أ. ڕەخنەگری دروست خزمەت بە دەق دەگەیەنێت، ئەگەر بێت و بە تێگەیشتن لە دەقەوە بڕوانێت و هەڵوەستە لەسەر لایەنی مەبەست و هۆکارەکانی ئەم دەربڕاوانەی لە دەقەکەدا هەن بکۆڵێتەوە، چونکە بڕیاردانی دروستی ڕەخنەگر، خۆی لە تێگەیشتنی تەواوی دەقدا دەبینێتەوە.

ب. هەموو دەقێک پەیوەستە بە بارودۆخی شاعیر و بابەتی باسکراوەوە، دەربڕینەکان گوزارشتی لێدەکەن.

ج. دەق مەبەستێکی سەرەکی هەیە، کاری ڕەخنەگر گەڕانە بەدوای دەرخستن و شیکردنەوەی مەبەستەکە.

د. شیعردۆست؛ وەرگرێکی ئاساییە و ڕۆڵی ئەوتۆی بەسەر شیعرەوە نییە، بە بەراورد بە دیدەوان (ڕەخنەگر).

**٢: ٢: دەق ناوەندی ڕەخنەگرتنە:**

سەرەڕای ڕەخنەگری ڕاستەقینە، شارباژێڕی ئاماژەی بە ڕەخنەگرێکی تریش داوە، کە ڕەخنە لە سیمای شاعیر دەگرێت، نەک دەقەکەی، بەو واتایەی

ڕەخنەگرێکە لە سیمای شاعیرەوە بۆ دەق دەڕوات، کەسێکە مەبەستی سووکایەتی پێکردنە، نەک خزمەتکردن بە دەق و ڕەخنەی ئەدەبی. شاربباژێڕی لە شیعری (نامۆیی شاعیرێک)دا ڕوانینەکەی لەبارەیەوە خستۆتەڕوو، کە باسی کۆمەڵێک کەس دەکات، لە یانەی مامۆستایان – ی ئەوسا- ڕەخنەیان لە شێوەی شاعیر گرتووە، بەم چەشنە لێیان دەدوێت:

**باوەڕیکەن نەک وەک مرۆڤ**
**بەڵکو وەکو چەند حەیوانێ**
**بە شاعیرێکدا هەڵشاخان**
**شانی نۆکەری ناتوانێ**
**شاعیر وەک پێنووسی دەستی**
**لاوێک بوو، باریک و لاواز**
**بەڵام بیرو بڕوا و هەستی**
**تیژبوون وەک باڵی هەڵۆو باز**
**شاعیریان دایە بەرتۆمەت**
**وتیان دەڵێی هەرهیچ ناخۆی!** ( شاربباژێڕی، ٢٠١٣، ب٢، ١٥)

شاربباژێڕی مەبەستیەتی بڵێت: شاعیری بە شێوە و ڕوخسار نییە، بەڵکو پەیوەستە بە هەست و بیری بەهێزەوە، ئەگەر لاوازبوو، ئینجا شیعری لاوازە، کەچی جۆرێک لە وەرگر لەسەر بنەمای دیمەنی دەرەوەی شاعیر بڕیار لەسەر شیعرەکانی دەدەن، بێ ئەوەی دەق بخوێننەوە، یاخود گوێبیستی شاعیر بن، بڕیاری نەزانینی ئاڕاستە دەکەن.

**٢:٣: ئایدۆلۆژیای شیعرو ناکۆکیی نێوان وەرگرو شاعیر:**

ناکۆکیی وەرگر و شاعیر لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا دامەزراوە، جۆرێک وەرگر ڕقی لە ناوەڕۆک و بابەتەکانی شاعیرە، واتە: ئایدیۆلۆژیای شاعیری لا قبوڵ نییە، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە، کە ئایدیاکانی شاعیر ناپەسندن؛ بەڵکو لە لاساریی

وەرگرەکان خۆیانن، لە پێناو بەرژەوەندی کەسی خۆیان دژایەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکەن، شارباژێڕی لە زۆر شوێن- لە دەقە شیعرییەکانیدا- ئاماژەی بۆکردووە، کە بەرانبەر خۆی و شاعیرانی تردا ئەم کارە کراوە، بۆ نموونە لە بارەی "فایەق بێکەس"دا دەڵێت: بێکەس وەک شاعیرێکی نیشتیمانپەروەر؛ تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی کرد، لە هەڵوێست و خەمخۆری بۆ کورد و کوردستان سڵی نەکرد، گەرچی کەسانێک هەبوون لە کوردستان دەژیان و لە ئاو و خاکەکەی دەیانخوارد و ڕقیشیان لە شاعیر و وشەی (کوردستان) بوو، وەک دەڵێت:

**کەچی ناوی (کوردستان)**
**گەشترین وشەی زمان**
**بەلای گوێیاندا بچێت**
**ئەندامیان پێی تێک دەچێت**
**ئەو انیش بوون هەمیشە**
**تو انجیان کردبووە پیشە**
**وەک تیرو ابوون تانەیان**
**بێکەسیش نیشانەیان**
**بەڵام پێی تێک نەدەچوو**
**زیاتر بۆ خەبات دەچوو** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب١، ٤٦-٤٧)

کەواتە: ئەو هۆکارەی وایکردووە، ڕەخنە لە شاعیر بگرێت و شیعرەکەی ڕەتبکەنەوە، جیاوازیی ئایدیۆلۆژیای نێوان وەرگر و شاعیر بووە، بۆیە شاعیران بە دوای وەرگرێکدا دەگەڕێن، کە هاوبیر و هاوسۆزی خۆیان بن، ئەوسا شیعر هەم کاریگەری زیاتر دەبێت، هەم چێژیشی لە ڕووی سۆزەوە پتر دەبێت.

ئەم جۆرە وەرگرە ڕێگریشە لە ئازادیی دەربڕینی شاعیر، شاعیر ناچار دەکات، کە هانا بۆ ڕەمز ببات، بۆ نموونە "شارباژێڕی" لە شیعری "وشەیەکی قەدەغە" دا؛

"کوردستان" بە کچێک دەچوێنێت، کە ناوهێنانی قەدەغەیە، هەر کات شاعیر ناوی ببات، یەکڕاست ڕاپۆرتی لەسەر دەنووسن و بەرز دەکەنەوە.

**نا... ناهێڵن**

**بۆم لەبۆسە و داو دا دەبن**

**تۆڕی پیلان ڕادەهێڵن**

**بۆ ڕاوم و**

**بۆ ڕاونانی**

**وردە ماسیی**

**شیعرو دیوان و داستانی**

**عەشقی ڕەو انی پیرۆزم**

**ئەی ئەو کچەی قەدەغەیە**

**قردێلەی وشەی ناڤەکەت**

**شیعرێکم ... بیدات لە قژی**

**چاودێران زۆرن کە ڕاپۆرت**

**بەرزبکەنەوە لە دژی** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ١٠٦)

**لێرەدا شارباژێڕی ئاماژە بە دوو بابەتی گرنگ دەکات، ئەو انیش:**

أ. وەرگرێک کە بە مەبەستی چاودێریکردنی شاعیر؛ شیعرەکەی دەخوێنێتەوە، ئامانجی چاودێریکردنی شاعیر و سنووردارکردنی ئازادانەی دەربڕینەکانیەتی.

ب. یەک لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لای شاعیرانەوە؛ بۆ نەبوونی ئازادیی بابەتی باسکراوە، بۆ ئەوەی شاعیر دەستەوەستان نەوەستێت، هانا بۆ ڕەمز دەبات و درێژە بە بابەتی باسکراوەکەی دەدات.

شاعیر ئارەزوو دەکات بە ئازادانە بژیت و بنووسێت، ئەم ڕاپۆرتنووسانە ئەم ئارەزووەی شاعیر زەوت دەکەن، بۆیە شارباژێڕی ڕوانینی وایە: ئاوێزانی سروشت و

بەجێهێشتنی شار ببێت، چونکە لە سوودی خودی شاعیر و تەنانەت شیعریشە، هۆکارەکەشی پەیوەست دەکات بەم هەناو ڕەشانەوە، وەک دەڵێت:

**بە داخەوە**

**شاری بەناو شیعرو جوانی**

**جێی منێکی پاکی تێدا نابێتەوە**

**لەبەر هەندێ نامەردانی!**

**ڕاپۆرت نووسی، زمان لووسی**

**دەروون تاریک لە ناخەوە.** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ١٢٠)

***

یاخود دەڵێت:

**هەرچی بێژن...**

**کام تیری تیژی ژەهراوی بهاوێژن**

**نا پێکن پێی**

**ڕێی بە ڕێ و جێی**

**هیوای هەستم**

**بە هەرجۆرێ بکرێ باسم**

**بێ دەربەستم**

**چونکە خۆم ... خۆم چاک دەناسم**

**ویژدان حەساوەی سەربەستم** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ٣٨٩)

شارباژێڕی جەخت لەسەر سووربوون لەسەر ئایدیا دروستەکەی دەکاتەوە، ئەوە بەلاوە دەنێت و لای گرنگ نییە، کە چ دەڵێن و ناڵێن، ئەوەی گرنگە ئەرکی شاعیریی خۆی بەجێهێناوە و ویژدانی خۆی ئاسوودە کردووە، ئەو ڕێگریانە و ڕەتکردنەوەی شیعرەکانی لەسەر بنەمایەکی دروستی ڕەخنەی ئەدەبی نین و لەسەر بنەمای بەها و ئێستاتیکییەکەی دانەمەزراون، بەڵکو نەگونجانی ئایدۆلۆژیای

ڕامیاری و دوژمنایەتییە، چونکە لەبەرژەوەندیی کەسی و گرووپەکەیاندا نییە، بۆیە وەریناگرن و ڕەتیدەکەنەوە.

**٢: ٤: وەرگری دیاریکراو (شیعری ئاراستەکراو):**

شارباژێڕی ئاماژە بە وەرگرێکی دیاریکراو دەکات، کە شیعری ئاراستە دەکرێت، پێی وایە: ئەگەر گوێی لێبگرێت و ڕازەکانی بخوێنێتەوە، ئەوە شاعیرەکە پەیامەکەی دەگاتە شوێنی خۆی، ئەگەرنا تەنیا دەفتەر پڕکردنەوەیە و چیتر، بە واتایەکی تر: وەرگرێک کە ئامانجی شاعیرە و دەیەوێت ببێتە خوێنەری دەقە شیعرییەکەی، هەروەها ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر هەست و سۆزی شاعیرەوە دەبێت، لەسایەیەوە دەربڕین و گوزارشتی شیعری شاعیر بەهێز دەکات، بۆیە ڕووی تێدەکات و دەڵێت:

**گوێت لێ نیە، تا بیبیستی**
**بە چی دەچێت، جوانی شیرین**
**گۆرانی بۆ تۆ پەرستی**
**هەرئەوەندە نەبێت، دەفتەر**
**پڕبکات لە فرمێسکی تەڕ** ( شارباژێڕی، ٢٠١٣، ب١، ٣٤٠)

***

یاخود:

**بە کام بینین**
**چاوزاخاوی بداتەوە؟**
**بە کام بیستن**
**گوێی هەستم دەم بکاتەوە؟!**
**چۆن بتوانێت ...**
**پەنجەم خامەکە هەڵگرێت!**
**تۆم لا نەبێت**

**ئەوەی نووسیم لێم وەرگرێت!**
**چی بنووسم**
**وەک پەپوولە بۆت باڵ بگرێت**
**تا سەرپۆپەی**
**درەختی دڵداری بگرێت** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب١، ٣٣٨)

***

یاخود:

**شیرین، بەستەی وردەکاریم**
**هۆنیمەوە، وەک زەنگیانە ..**
**بۆ ملوانەی تۆیە دیاریم**
**ئایا ئاگاداریت... گیانە؟!** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب١، ٣٤١)

وەک دەردەکەوێت؛ هەموویان ئاماژە بە وەرگرێکی دیاریکراو دەکەن؛ کە کاریگەرییان بەسەر دەق و هەستی شاعیرەوە دەبێت، بەلای شاعیرەوە دەبنە پێکانی کارە ئەدەبییەکەی.

**٢: ٥: وەرگری هاندەر:**

سەرەڕای ئەو وەرگرانەی باسمان کرد "جەمال شارباژێڕی" ئاماژەی بە وەرگرێکی تریش داوە، کە وەرگرێکە هانی شاعیر دەدات؛ بۆ ئەوەی جوانتر بنووسێت، لە هەمان کاتیشدا ڕێگەی کاری ئەدەبیاتی نیشاندەدات و ڕێگری لە ساردبوونەوەی دەکات، دەتوانین بڵێین: ئەو جۆرە وەرگرە زیاتر بۆ قۆناغی پێش بە ناوبانگبوونی شاعیر و پشتبەستن بە توانا و بەهرەی خۆی دەگرێتەوە، کە وەک پاڵپشت بۆ بەرەو پێشچوونی هانی دەدات، شارباژێڕی وەک وەفایەک باسیان دەکات و لە سەرووی هەموویانەوە ئاماژە بە "کاک فەرەیدوون" ناوێک دەکات و دەڵێت:

**چەند یادگارێک تۆمارم کردوون**
**گەلێک مامۆستای دڵسۆزم ژمارد**

**لە لووتکەکاندا، کاکە "فەرەیدوون"**
**وەک بڵندترین ئەوم هەڵبژارد**
***

**ئەو بوو "گۆران" و ئەو "پیرەمێرد"ی**
**پێ ناسیم وەکوو دوو چاوگەی کوردی**
***

**ئەو بوو هانی دام دەست کەمە ملی**
**پەری شیعرەوە و شانەی قژی بم**
**شەمامەی مەمی سەرسینەی شلی**
**منیش خاڵێکی نەخش مژی بم** (شارباژێڕی، ٢٠١٣، ب٢، ٣١٥)

شارباژێڕی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی بەسەر شاعیرەوە دەکات، ئەو جۆرە وەرگرە، وەک ڕەخنەگرێکی بنیاتنەر دێتە پێشەوە و هانی شاعیر دەدات، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و سارد نەبێتەوە، ڕێگەی نیشان دەدات و هانی دەدات؛ بە ڕێگەی خوێندنەوە و ئاشنابوون بە کەڵەشاعیر و ئەدیبانی پێش خۆی، بۆ ئەوەی زیاتر خۆی لە بوارەکەیدا شارەزابکات.

**٢ : ٦: هەمەچەشنی بابەتی شیعر و وەرگر:**

وەرگر بە دوای شیعردا دەگەڕێت، کە لەگەڵ خۆیدا بگونجێت، بابەتە شیعرییەکانی زمانحاڵ و گوزارشتکاری خۆی بن، جا لێرەدا شاعیر تووشی دوو جەمسەری دەبێت، ڕازیکردنی ناخی خۆی؛ بۆ ئەوەی ڕاستگۆیانە گوزارشت لە بابەتەکەی بکات، هەروەها ڕازیکردنی وەرگر؛ لە پێویستی و ویستی بابەتەکە، شارباژێڕی لە شیعری ( پێش تۆ ناسین)دا ڕووی دەمی لە یار دەکات و پێدەڵێت:" ئەو شیعرانەی لە پێش تۆ نووسیومن و تێدا باسی دڵداری دەکەم؛ پەشیمانم لێیان،

چونکە یارەکان خەیاڵی بوون و لەسەر داوا و ویستی وەرگرانم نووسیومن"، لەبەر ئەوەی وەرگران گلەیی ئەوەیان لە شارباژێڕی کردووە، کە باخچەی بەهرە و داهێنانی؛ تەنیا گوڵی نیشتمانی و ناوەڕۆکی نەتەوەیی گرتووە، وەرگرانیش هوزار ئاسا چاوەڕێی گوڵی جۆراوجۆرن و ئارەزووی باخچەیەکن؛ گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەچەشن بگرێت، بەو واتایەی وەرگران ئارەزوو دەکەن؛ ویست و داواکانی خۆیان لەناو دەقەکانیدا ببیننەوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێک لای شارباژێڕی بۆ ئەوەی شیعری دڵداری بنووسێت، وەک دەڵێت:

**زۆر خوێندەوار کەوتبوونە ڕەخنەگرتن**
**چونکە بەستەی دڵداریم بۆ نەدەوتن!**
**وتیان حەیفە**
**تۆوی باخچەی دڵ بڕێژێت**
**لە هەر بستەی**
**جۆرێک گوڵی تیا نەنێژرێت**
**باخێک ئەگەر**
**گوڵەکانی هەریەک ڕەنگ بن**
**نیوەی هوزار**
**دەبێت لە خوێندن بێدەنگ بن**
**بەڵام باخی...**
**ڕەنگا و ڕەنگی هەمەچەشنە**
**هەموو دڵێک**
**دەخاتە سەرزەردە و شنە** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب١، ٢٤٩ – ٢٥٠)

شارباژێڕی ڕەخنەی وەرگرانی بە هەند وەردەگرێت، وای دادەنێت؛ کە وەرگران ڕەخنەکەیان لە شوێنی خۆیەتی و هەوڵدەدات بە خەیاڵیش بێت دڵدارێک بۆ خۆی دروست بکات، تا گوڵزاری هۆنراوی پڕ لە گوڵی جۆراوجۆر بێت؛ لەگەڵ هەستی وەرگر یەک بگرێتەوە و شیعری لە بارەیەوە بنووسێت، بەبێ ئەوەی – ئەو یارە- ڕاستەقینە

بێت، بۆیە یارە خەیاڵییەکە جارێک بە چاوی شین و جارێک بە چاوی ڕەش و جارێک بە سەوز، جارێک بێ وەفا و پڕ جەفا، جارێ بەسۆز و میهرەبان ... لەناو دەقەکانیدا دەرکەوتووە، وەک دەڵێت:

**بۆیە منیش کەوتمە بیرکردنەوە**
**بۆ گوڵزاری دڵ ئاوەدان کردنەوە**
**لە هەر چڵ و تۆوێک گوڵێک**
**جوان بێت هێنام**
**لە ڕستە و گوڵ و دێراودا**
**ناشتم چێنام**
**ئەوەی بریتی بوون لە دڵ..**
**یان دڵداری**
**بۆ داخوازی دڵخوازانم...**
**کردە دیاری**
**دەمێک چاوی کاڵ، دەمێک شین**
**دەمێک هی ڕەش**
**وەسفی خەیاڵ دەیگرتنە**
**قولی باوەش** (شارباژێڕی، ٢٠١٣، ب١، ٢٥٠)

شارباژێڕی هەوڵیداوە؛ بە ڕێگەی خەیاڵ یار و دڵدارێک دروستبکات، بۆ ئەوەی کار لە دەروونی بکات و ناوەندێک بۆ سۆزی خۆی و جوولانی سۆزی وەرگرانی چێبکات، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوە بووە، ئەسپی خۆی لە بوارەکەدا تاوبدات و ڕەزامەندیی وەرگرانیش بێنێتە دی[٣].

**٢: ٧: بە جیهانیبوونی شیعر و وەرگری جیهانی:**

وەرگر زاراوەیەکی گشتییە و هەموو وەرگرێک دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، لەسایەی بە جیهانیبوونی دەقەکەوە دەستەبەر بووە و لە وەرگری ناوچەیی (لۆکاڵی) دەرچووە، دەقەکە هەمەچەشنی وەرگر لە ڕەنگ و دەنگ و ڕەگەز و جوگرافیای جیاوازەوە بۆی پەیدابوون و هۆکارەکانیشی پەیوەستن بە کۆمەڵێک هۆکار.

بە جیهانیبوونی ئەدەب بابەتێکی گەرموگوڕی ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی جیهانە، گەڕان بە دوای شیکردنەوە و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی بە جیهانیبوونی ئەدەب، بابەتێکی وا سادە و ساکار نییە، ((زۆر کەس لەو باوەڕەدان بەرهەمێکی ناسراو و بەناوبانگ لە ئەدەبی نەتەوەکەیدا، کە وەرگێڕدرا ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی ئەدەبی جیهانییەوە، کە بە داخەوە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە زۆر لە توێژەران تێیکەوتوون)) (حوسێن و نازم، ٢٠٢٠، ٣٠)، بەڵکو ڕێگەیەکە بەرەو بە جیهانیبوونی ئەدەب، چونکە وەرگێڕان ڕێخۆشکەرە بۆ ئاشنابوونی گەلان بە ئەدەبی نەتەوەکە، ئەوەی وادەکات ئەدەبێک بە جیهانی بێت، هاوڕایی و مەبەستی بابەتی سیاسی و ئاینی و ئابووری و ڕەگەزی ... تێدەکەوێت، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە بابەتی مرۆڤایەتییەکەیە، ئەو ئەدەبەی ((هەموو تایبەتمەندییەکی ئەدەبی ئینسانییان تیایە و بۆ هەر زمانێ وەربگێڕدرێت، هەر پەسند دەکرێن)) (عبداللە،٢٠٢١، ٧)، چونکە هەستە مرۆڤایەتییەکان هاوبەشن و جێگەی هەڵوەستەکردنن.

جەمال شاربازێڕی لە شیعری "پەیامێکی قەدەغە"دا – بە شێوازی ناڕاستەوخۆ- لەبارەی هۆکارەکانی بە جیهانیبوونی شیعر دەدوێت، ڕوانینی وایە: بە جیهانیبوونی ئەدەب - و شیعر- پەیوەستە بە چەند هۆکارێکەوە، لەوانە: "دەقێکی پڕ لە وردەکاری و سەرنجڕاکێش، وەرگێڕانی دەقەکە بۆ زمانانی جیهان، بابەتی مرۆڤایەتی"، لە سەرەتادا لەسەر چۆنیەتی هۆنینەوەی بەرهەمەکە دەدوێت:

**بەرهەمێکی بەری ئەندێشەی چەند مانگەی**

**شەونخوونیم**

**لەگەڵ ئازاری دەروونی**

**هەناسەی تاسەی نەبوونیم**
**بەچاپگەیاند** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ٢٣٧)

وەرگێڕانی دەقەکە بۆ زمانانی جیهان لە لایەن چەند وەرگێڕێکەوە، بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێکەوە، ڕەنگە شارباژێڕی مەبەستی لە " چالاکانە" جوان وەرگێڕانی دەقەکە بێت، وەک دەڵێت:

**چەند وەرگێڕێکی دراوسێی دۆستی خواستم**
**هاتن تکای ڕەزامەندییان لێ خواستم**
**چالاکانە دەوریان گێڕا**
**وەریان گێڕا** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ٢٣٨)

بە هۆی وەرگێڕانەوە دەقەکە بە ناو گەلاندا بڵاودەبێتەوە و ناوبانگی بە شاعیر دەبەخشێت، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی گەلانی دونیا ڕێزی لێبگرن، شارباژێڕی ئاماژە بەوە دەدات، کە شاعیر لە سایەی دەقەوە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و یونسکۆی پاریس سوپاس و پێزانینی ئاراستەکراوە و لە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا پێشکەشیان کردووە، لەگەڵ کۆمەڵێک دیاریی تر و بلیتی گەشت و گەڕان.

**ئێستا من لە جیهان پەخشم**
**ڕاچڵەکین و شۆڕشێکی**
**سپی بە گەلان دەبەخشم**
**زۆری نەبرد لە زانستگای**
**ئۆکسفۆردەوە سوپاس و ستایشێک**
**بۆم بوونە کەرنەڤالێک و**
**نمایشێک ...** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ٢٤٢)

پاش ئەو ڕێزلێنان و بانگێشتنامانە، ڕاپۆرتنووس و تێچینەکان باش بۆی تێدەکوشن، بابەتی بەناوبانگبوونەکەی و هۆکاری نووسینی چامەکەی بۆ دەست لەپشتدانی بێگانە لە قەڵەم دەدەن و دەیگەیەننە بەردەم دادگە و دادوەر، دادوەر دەپرسێ:

**-چی و کێ هانی دایت ئەو کارە پڕ لە کێشەیە بنووسیت؟**

**- تەنها هەستی خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستی**

**- دۆستایەتی و پەیوەندی تۆ چیە و چۆنە بە گەلانی جیهانەوە؟**

*******

**پەیوەندی من بە گەلانەوە، کاکڵەکەی**
**ڕووناکبیری و مرۆڤایەتی و دڵسۆزی و خەمخۆرییە**
**لەگەڵ هیوای گر انبەها، بۆ زۆرەها**
**پەیوەندیشم بە نووسین و پێنووسەوە**
**وشە و پێنووس**
**کە دوو ئاشقی یەکترن لە مێژەوە**

(شارباژێڕی،٢٠١٣، ب٢، ٢٤٩)

شارباژێڕی هۆکاری بەناوبانگبوونەکەی پەیوەست دەکات، بە هەستی مرۆڤدۆستی و خەمخۆری و دڵسۆزی و ڕۆشنفیکرییەکەیەوە، کە مەبەستی خزمەتکردن و خزمەتگەیاندنە، ئەو بابەتەی کە نووسیویەتی؛ بابەتێکە لە پێناو پاراستنی مرۆڤەکانە لە جەنگ، مەبەستی ئاشتەوایی گەلانە و دەستەبەربوونی ئارامییە، نە زەرەر بە گەلەکەی گەیاندووە و نە لە شان و شکۆی کەم کردۆتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە، بۆتە چارەسەر و ناوبانگی، وەک دەڵێت و دەپرسێت:

**ئایا ئەو دەنگدانەوەیە**
**نەتەوەکەمیان لای گەلان بەڕێز نەکرد؟**
**ئاشتی و ئاسایشی گشتی بە پێز نەکرد؟**
**گەلێک لە زامەکانمانی سارێژ نەکرد؟**

**خاڵێکی تر بریتی بوو**
**لە بانگەوازێ بۆ هەموو وڵاتەکان**
**نەتەوەکانی**
**یەکگرتووش و یەکنەگرتووش**
**هێزدارەکان**
**چەک داماڵن**
**دڵەڕاوکێی مرۆڤایەتی ڕاماڵن**
**کارخانەکان چیدی چەک و تفاقی جەنگ**
**بەرهەم نەهێنن، ڕایگرن**
**زوو نەک درەنگ** (شارباژێڕی، ٢٠١٣، ب٢، ٢٥٢)

شارباژێڕی دەیەوێت دوو خاڵ بۆ دادوەر بسەلمێنێت:

یەکەم: دەنگدانەوەی دەقەکە و ناوبانگییەکەی شانازییە بۆ گەلەکەی.

دووەم: بابەتی باسکراوی بابەتێکی مرۆڤدۆستانەیە و چیتر.

**کەواتە:** شارباژێڕی لای وایە بە جیهانیبوونی دەق؛ وەرگری جیهانی بۆ دەقەکە دروست دەکات، ئەمیش لە ڕێگەی:

أ. ناوەڕۆکی هەستی مرۆڤایەتی و بابەتی پەیوەست بە مرۆڤدۆستییەوە.

ب. سەنگ و هێز و بە پێزی هۆنینەوەی دەقەکە لە لایەن دەقنووسەوە.

ج. وەرگێڕانی دەقەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە و بڵاوکردنەوەی بەجیهاندا.

**٢: ٨: پەیوەندیی شیعر بە شاعیرەوە:**

شیعر پارچەیەکە لە شاعیر، وێنای بیر و مەبەست و بارودۆخ و ئاستی دەربڕین... شاعیر دەکات، هەروەک سولژ نیستن دەڵێت: (( لە ڕێگەی هەر شیعرێک یان نووسینێکەوە ئەتوانین نووسەرەکە بناسین)) ( شاملویی، ٢٠١٦، ٤٧)، شارباژێڕی لە شیعری "من" دا ڕووی دەمی لە وەرگران دەکات و دەڵێت: شیعرەکانم ڕێک

خۆمن، ئەگەر دەتەوێت من بناسیت و کاتی دڵشادی و خەمباریم و خۆشی و ناخۆشیم ... بزانیت، هەرچیت دەوێت لەبارەی من؛ لە شیعرەکانمدا دەیدۆزیتەوە، وەک دەڵێت:

**مەپرسە لێم، بۆ بێدەنگم**
**گەردڵشادم، گەردڵ تەنگم**
**گەردەتەوێ تێبگەی لێم**
**من چیم، چۆنم، چی دەکەم، کێم؟**
**چیم لە دڵ و لە هەستایە**
**لە چوارچێوەی هەڵبەستایە**
**هەرچیم بە مێشکا هاتبێت**
**یان لە هەڵ بزە و گەشەدا**
**تو ابنەوە لە ووشەدا**
**ڕشتوومنە ناو ڕستەوە**
**بە ئاخەوە یان بەستەوە**
**بیانخوێنەوە و بمناسە** (شارباژێڕی،٢٠١٣، ب١، ١٧٦)

بەم بۆچوونە "شارباژێڕی" چەمکی " مەرگی نووسەر" ڕەت دەکاتەوە، شیعر و شاعیر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پێی وایە: شیعر خودی شاعیرە، سەرەڕای لایەنی شیعرییەتی دەق؛ پێشاندانی لایەنی هەست و هزر و سۆز و بارودۆخ و سەردەمی شاعیرە و پەیوەستە بە کاتی لەدایکبوونی دەقەکەوە، (ئەگەرچی ڕۆلان بارت باوەڕی بەوە هەبووە؛ کە ناکرێت لە سۆنگەی ژیاننامە و تایبەتمەندییە دەروونییەکانی نووسەر لە دەق بکۆڵدرێتەوە، بەڵام بارت لە کتێبی "سەبارەت بەڕاسین" ئاوڕی لە ژیاننامەی "ڕاسین" داوەتەوە) (بارت،٢٠٠٧، ١١)، ئەمەش مانای ئەوەیە، دەق دەرخەری ژیاننامەی نووسەرە و پارچەیەکە لەو و ناکرێت لێی داببڕدرێت.

## ئەنجام

١. جەمال شارباژێڕی وەرگری ئاسایی بە "شیعر دۆست" و ڕەخنەگر (وەرگری لێهاتوو) بە "دیدەوان" بۆ دەق ناو دەبات و دەستنیشانیان دەکات، بە شیعردۆست دەڵێت بە وریایی و پیرۆزییەوە مامەڵە لەگەڵ پیرۆزیی دەق و واتاکانیدا بکات، داوا لە ڕەخنەگریش دەکات؛ قووڵتر و وریاتر لە دەق بڕوانێت و دادوەرانە بڕیاربدات، ڕۆڵی و پێگەی ڕەخنەگر بۆ بەرژەوەندیی دەق بەهەند وەردەگرێت و دەیخاتە سەرووی شیعردۆستەوە.

٢. دەق ناوەندی ڕەخنەگرتنە، نەک سیمای شاعیر، وەرگر دەبێت لە دەق بڕوانێت و بەها و چێژەکەی دەستبخات، شیعریش گوزارشتی تەواو لە بیروباوەڕی شاعیر دەکات، نەک لە سیما و لەش و لارەکەی.

٣. ڕەتکردنەوەی دەقە شیعرێکی شاعیر -و تەنانەت شاعیریش- لەلایەن وەرگرەوە، واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە دەقە شیعرییەکە سەنگ و بەها و چێژی ئەدەبی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە نەگونجانی ئایدۆلۆژیاکانیانەوە.

٤. دەق لە نێوان هەستی شاعیر و داوای ئارەزووی وەرگراندایە، شاعیر پێویستە ویست و داوای وەرگر لە پێش چاو بگرێت، بەڵام لەوکاتەدا هەرگیز دەقەکە نابێتە ئەو دەقەی؛ کە گوزارشتی تەواو لە هەستی شاعیر بکات، هەرچەند شاعیر هەوڵبدات خۆشی لەگەڵدا بگونجێنێت.

٥. شارباژێڕی ئاماژەی بە چەند وەرگرێک کردووە و پێگە و ڕۆڵی هەریەکەشیانی دیاریکردووە، لەوانە: (شیعردۆست)؛ هاوڕێ و دۆستی شیعرە، (ڕەخنەگر)؛ دەق شەنوکەو دەکات و واتاکانی شیدەکاتەوە، (وەرگری جیهانی)؛ کە لەڕێگەی وەرگێڕانی دەقەکە بۆ زمانە جیاوازەکانی جیهانەوە بەدەست دێت و لەسەر بنەمای هەستە مرۆییەکانی ناو دەقدا پەرە دەستێنێت، (وەرگری هاندەر)، ئەو وەرگرەیە؛ کە لەسەرەتای شاعیرییەتی شاعیردا؛ بۆ بەردەوامبوون و پەرەپێدان و بەگەڕخستنی زیاتری تواناکانی؛ شاعیر هاندەدات و وەک ڕەخنەگرێکی ڕێخۆشکەر و دڵخۆشکەر بۆ شاعیر دەردەکەوێت، (وەرگری ڕەخنەگر لە شێوەی شاعیر)؛ ڕەخنەگرێکی لاسار و نا

تێگەیشتووە، ڕەخنە لە دەق ناگرێت، بەڵکو ڕەخنە لە سیمای شاعیر دەگرێت، ( وەرگری شیعر ئاراستەکراو)؛ ئەو وەرگرە تایبەتەیە کە شاعیر شیعری ئاراستە دەکات، هەم کاریگەری بەسەر شیعرەوە هەیە و هەمیش بەسەر هەستی شاعیرەوە.

## پەراوێزەکان

(١) توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزێکی دکتۆرا بە ناونیشانی: "چەمکی شاعیر، شیعر، وەرگر لە دەقی شیعری کوردیی جەمال شارباژێڕی و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەتدا".

(٢) دیاریکردنی جۆرەکانی وەرگر لای توێژەر و ڕەخنەگرانەوە بە زۆر شێوە خراونەتەڕوو، بۆ نموونە لە ڕووی خوێندنەوەی دەقەوە: (تۆدۆرۆف سێ جۆر خوێنەر دیاری دەکات، یەکەم: خوێنەر خۆی لەناو دەقدا دەبینێتەوە لە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها جەخت دەکاتەوە لە ناسینی لە دانەر و کۆمەڵگەکەی. دووەم: خوێنەر کرداری شرۆڤەی دەرەوەی دەق دەکات، دێت وشەیەک بە وشەیەکی تر دەگۆڕێت، کە هەمان واتا بدات، ئەمەش دەچێتە خانەی شرۆڤەوە. سێیەم: خوێنەر خوێندنەوەیەکی شاعیرانە دەکات لە هەناوی دەقەکاندا، دەستەواژەکان دەرباز دەکات و بەدوای مانادا دەکەوێت، دوورترین واتا دەدۆزێتەوە) ( مراح،٢٠١٢-٢٠١٣، ١٧)، لە ڕووی ئاستی زانیاریی وردبوونەوە لە دەق وەرگر کراون بە سێ دەستەوە (وەرگری ئاسایی، وەرگری زانا، وەرگری ڕەخنەگر) (خەلیل،٢٠١٧، ١٨٢)، لەڕووی کاریگەری وەرگر بەسەر دەقەوە دابەشکراوە بەسەر دوو کۆمەڵەوە ( وەرگری ئاسایی، وەرگری بنیاتنەر) ( Ray,1987 , 37)... .

(٣) ئەو کارەی شارباژێڕی ڕوانینێکی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دێنێتەوە یادمان، کە پێیان وابووە:" شاعیر دەبێت لە هەموو جۆرە ناوەڕۆکێکدا ئەسپی خۆی تاو بدات و سوارچاکیی خۆی بنوێنێت"، بۆ نموونە "مستەفا بەگی کوردی" لە کۆتایی قەسیدەی "دڵ لە میحنەت کەیلە..."دا کە باسی دانشتنێکە لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی یەکناگرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەسپی خۆی تاوبدات؛ هۆنراوەیەکی بۆ نووسیوە، وەک دەڵێت:

**(وەنیە "کوردی" مائیلی ئەم جۆرە ئەطوارانە بێ**

**لازمە شاعیر لە هەر نەوعێ بڵێ بۆئیمتیاز)** (کوردی، ٢٠١٠، ١٦٠)

**(واتە:** وا گومان مەبەن کە "کوردی" حەز و ئارەزووی بەم جۆرە دانیشتنانە بێت، ئەوە بزانن: من شاعیرم؛ بۆ شاعیریش پێویستە لە هەموو بابەتێك دەستڕەنگینیی خۆی بنوێنێت و توانا و باڵادەستی لە بابەتە هەمەچەشنەکان لە شیعردا دەربخات) (تاقانە، ٢٠١٦، ٢٨).

جیاوازیی سەرەکی بۆچوونی شارباژێڕی لەگەڵ ئەو بوونە کلاسیکییە، لەوەدایە: شارباژێڕی بۆ ویست و ڕەزامەندیی وەرگران ئەم کارەی کردووە، بەڵام شاعیرانی کلاسیکی کوردی بۆ دەرخستنی توانای شاعیرییان کردوویانە و وەک بنەما بۆ دەرخستنی توانای شاعیر لە هۆنینەوەی هەمەچەشنی بابەت لێیان ڕوانیوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی کوردی:


١. ئەلڕەحمانی، ئەحمەد، (٢٠٢١)، تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، و: پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.

٢. بارت، رۆلان، (٢٠٠٧)، رەخنە و هەقیقەت، و: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٣. بۆرخیس، خورخێ لویس، (٢٠١٦)، ئەم هونەری شیعرە، و: سیروان محەمەد، بڵاوکراوەی غەزەلنووس- زنجیرەی کتێب١٤٤، سلێمانی.

٤. تاقانە، پشتیوان ئەسعەد کەریم، (٢٠١٦)، شیعر لە ڕوانگەی شاعیرانی کلاسیکی کوردەوە - کرمانجی خواروو وەک نموونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

٥. جگەرسۆز، محەممەد ساڵح پێندرۆیی، (٢٠٠٩)، فەرهەنگا کانی ( کوردی-کوردی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦. حوسێن و نازم، (پ.د.) هیمداد . سەنگەر، (٢٠٢٠)، ئەدەبی جیهانی- چەمک و مێژوو و ئارێشەکان، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.

٧. خەلیل، (د.) ئیبراهیم مەحموود، (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ- لە لاساییکردنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، و: پ. ی. د. محەمەد تاتانی، چاپخانەی کارۆ- بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی دیالۆگ، کەرکوک.

٨. شارباژێڕی، جەمال، (٢٠١٣)، کۆشیعری جەمال شارباژێڕی، (بەرگی یەکەم) و (بەرگی دووەم)، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی – ١٠٤، هەولێر.

٩. شارەزووری، د. یادگار لطیف، (٢٠١٢)، تیۆرەکانی وەرگرتن – لە ئیستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەلامی خوێنەر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

١٠. شاملویی، حبیب الله، (٢٠١٦)، گەورەکان چییان وت؟- هەڵبژاردەیەک لە وتەی ناودارانی دونیا، و: کامیل محەمەد قادر، بڵاوکراوەی خانەی چوارچرا، سلێمانی.

١١. عبدالله، (پ. ی. د) ئیدریس، (٢٠٢١)، ئەدەبی جیهانی و بژاردەیەک لە شاکارەکانی، بڵاوکراوەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.

١٢. کوردی، مستەفا بەگی ساحێبقران، (٢٠١٠)، دیوانی کوردی، بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا "حەمەبۆر"، بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٤٧، هەولێر.
١٣. گەردی، (پ. د) سەردار ئەحمەد، (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٤. مەلازادە، دکتۆر ڕێبوار محەمەد، (٢٠٢١)، زانستی دەق لە ئەدەبدا، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

١٥. العضيبي، عبدالله بن محمد، (١٤٢٠)هـ ، النص واشكالية المعنى بين الشاعر و القارئ قراءة في تجربة شاعر معاصر، مجلة أم القرى لعلوم الشريعة و اللغة العربية، ج١٨.
١٦. مراح، محمد، (٢٠١٢-٢٠١٣)، هندسة المعنى في الشعر العربي المعاصر "محمود درويش "نموذجا، رسالة ماجستير، جامعة وهران، جزائر.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

17. Eagleton, T., 2007. How to read a poem, Blackwell.
18. Ray, A.S. et al., 1987. What's a Good Poem. In Indian Literature. New Delhi: Sahitya Akademi, pp. 33–56.
19. Taromi, K., 2001. Simple Poetry, Tehran: Rashin.

## الملخص

## مكانة المتلقي في النص الشعري عند جمال شارباژێري

للمتلقي أهمية ومكانة خاصة؛ كمكمل للعملية والنهج الأدبي، لذلك سلط النقد الأدبي في بداياته الضوء على هذه المكانة، باعتبار المتلقي مجرد محتك بالنص من وجهة نظرهم، ولكن في النقد الحديث أصبح المتلقي مركز الحديث، وتم تحديد دوره في النص، وإلى جانب تحديد دوره، تم تحديد تأثيره في النص على مستوى الكاتب بل وأعلى من الكاتب. لأن الكاتب ما ان ينتهي من النص، يصبح النص بين يدي المتلقي، ومن هنا يقرر المتلقى البحث في النص والبقاء عليه حيا.

جمال شارباژێري هو أحد شعراء حركة روانكه، وكان له دور كبير في الشعر الكوردي الحديث، تحدث في أشعاره عن المتلقي، قام بتحديد دوره ومكانته، وقام بتحديد أنواع

الأدوار أيضا. من هذا المنطلق سمينا دراستنا: (مكانة المتلقي في النص الشعري عند جمال شاربازێري)، وهي محاولة لتحديد وفهم مصطلح المتلقي ودوره عند شارباجيري.

يتكون البحث من: مقدمة، ملخص البحث، وفصلين؛ الفصل الأول بعنوان (المتلقي) ويتضمن هذا الفصل مبحثين عن المتلقي بعنوان (أنواع المتلقي كمكمل للعملية الأدبية)، ويأتي الفصل الثاني بعنوان (المتلقي في النصوص الشعرية عند جمال شاربازێري) وفيه تم الوقوف على وجهات نظر الشاربازێري عن المتلقي، ويحتوي هذا الفصل عدة مباحث : (الشعر الصديق والناقد ، النص مركز النقد ، أيدولوجية الشعر والخلاف بين المتلقي والشاعر، المتلقي المقصود"الشعر الموجه"، المتلقي المشجع ، المتلقي وتنوع المواضيع الشعرية، عولمة الشعر والمتلقي العالمي، علاقة الشعر بالشاعر)، وفي النهاية تم عرض أهم النتائج، وتليها قائمة المصادر والمراجع، مع ملخص مترجم للبحث باللغة العربية والإنجليزية.

**الكلمات الدالة:** الشاعر، المتلقي، جمال شاربازێري، الأيدولوجية، النقد الحديث.

# Abstract

## The position of the recipient in Jamal Sharbazheri's poetic text

Recipient as a complement to the literary shape and process, it has its own importance and position. From the beginning, its position has been debated in literary criticism and viewed as a point of contact. However, in new criticism it has become the focus of discussion and its role and position in the text are mentioned. Conceivably, its influence and position is placed alongside or above the text, because after the text is completed and made available to the recipients, the recipient is responsible for interpreting the text and keeping it alive.

Jamal Sharbazheri is one of the poets of the Rwanga movement and has played a significant role in contemporary Kurdish poetry. In his poetic texts, he has extensively defined the role, position, duties and types of the recipient. Therefore, the title of the current research is: (The position of the recipient in Jamal Sharbazheri's poetic text). It is an attempt to identify and understand the concept of the recipient and its role and position from the perspective of Sharbazheri.

This research consists of: introduction, abstract and two other sections: the first section entitled (about the recipient), which discusses the recipient in two topics, entitled: (types of recipient, recipient as a complement to literary work). The second section entitled (recipient in Jamal Sharbazheri's poetic text), which focuses on Sharbazheri's perspectives; With regard to the recipient, it is presented in several themes; The titles are: (poetry enthusiast and critic, Text is the Center of Criticism, Poetry Ideology and Conflict between Recipient and Poet, Specific Recipient "Directed Poetry", Motivational Recipient, Diversity of Poetry and Recipient, Globalization of Poetry and Global Recipient, Poetry Relationship to the Poet). At the end of the study, the results of the study are summarized in five points, followed by a list of references used, and the abstract of the study is translated into Arabic and English.

**Keywords**: Poet, Recipient, Jamal Sharbazheri, Ideology, New Criticism.